کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
26-10-2007 21:18بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**حەمە جەزا هونەرمەند بەرەنگاری و دەنگی بە سۆزی کوردەواری ... باهۆز عبدالواحيد**

لە ڕۆژی 2007/10/20 بەرێزیك بە ناوی رزگار حەساری لە مالپەڕی کوردستان نێت بە تیرێکی چلکن حەمە جەزای پێشمەرگە و هونەرمەندی رەسەنی سەنگەری کردۆتە نیشان بە بیانوی وەلامێکی هونەرمەند حەمە جەزا بۆ گۆڤاری (ئاوێنەکان) رزگار ناو بە کورت و کرمانجی دەیەوی بە خەلك بلی

1- حەمە جەزا بەرز دەروانی

2- حەمە جەزا خۆی لە خەلك جیا دەکاتەوە و گوی لە خەلك ناگری. جاری برای بەرێز بەراستی ئەوە بابەت دروست کردنە خەلك سەرقال کردنە بە شتێك کە هیچ پێویست ناکات بخرێتە ڕوو، بابەتێك کە سەرجەمی ئاوەژوکردن و لێك دانەوەی هەڵە بێ بۆ چاو پێکەوتنێکی حەمە جەزا، من وای دەبینم بەرێزتان لە پشت ئەم شی کردنەوەی بە ئارەزوی خۆتان بۆ وەلامێکی حەمە جەزا لە گۆڤاری (ئاوێنەکان) ئامانجێکی گلاوتان حەشار دابی کە لەم دەرگایەوە هێرش بکەنە سەر لوتکەی بەرزی هونەرو مێژووی پڕ سەروەری حەمە جەزا. گەر چی حەمە جەزای گەورە هونەرمەند کەبەرێزیشت ئاماژەت پێداوە پێویستی بە ستایش و باس کردنی قەلەمە بچوکەکەی من نیە، ئەو زۆر لەوە ناسراوترو خۆشەویست ترو نزیکتری ناخی کۆمەلانی خەلکە تا من بە ئێوە و خەلکی بناسێنم، بۆیە من لێرە دا تەنیا ئەو بۆچونە نا راستانە بۆ خەلك رون دەکەمەوە کە بەرێزت ویستوتە حەمە جەزای گەورەی پێ بچوکبکەیەوە، من بە هۆی نزیکیم لەم هونەرمەندە کە ئەم بۆچونەی بەرێزتانم خوێندەوە سەرسامیەك دایگرتم کە نەمتوانی بێ دەنگ بم و سەرەتا با بۆت رون کەمەوە، حەمە جەزا وەك مرۆڤێك ئەوەندە سادە و خاکی و کوردستانی و دلپاك و خاوەن هەست و سۆزە کە پێم وایە لە وێنەی ئەم پیاوە مرۆڤ دۆستە یەکجار کەم و دەگمەنە، چی خووڕەوشتی جوانی مرۆڤ هەیە لەم هونەرمەندە کۆبۆتەوە، جا کەسێك جگە لە خەرمانی هونەری سیمایەك بێ لە پاکیی و عەشق و سادەیی بەریشی کی ڕەوایە لە جیاتی پاداشت و ڕێز بە ناڕەوا هێرشی بکرێتە سەر، ئەوانەی لە نزیکەوە ئەم هونەرمەندە دەناسن گەواهی ڕاستی ئەم ووتانەم بۆ دەدەن حەز دەکەم کاك ڕزگار دلنیا بێت حەمە جەزا ئەو هونەرمەندەیە هەرگیز نەخۆی لێدەگۆڕی و نە گۆراویشە، هەمیشە خۆی بە خزمەت کاری گەلەکەی دەزانی و ئەوەی لە بواری هونەرو بەرەنگاری داگیر کەرانیش کردویەتی بە ئەرکی خۆی دەزانی و منەت لەسەر کەس ناکات. گەرچی حەمە جەزا لە رۆشنایی دەزگا ڕاگەیاندن و سەتەلایتەکانی کوردستان ماف خورا و غەدر لێکراوە وەك هونەرمەندێکی شۆرشگێر و خاوەن هەلوێست حەقی خۆی نەدراوەتی و بەرهەمەکانی وەکو پێویست نەگەیشتۆتە کۆمەلانی خەلك، کە ئەمەش باجی پێشمەرگە بوون و دلسۆزیەکەیەتی بۆ نیشتمانەکەی کە هەرگیز لێی پەشیمان نیە، چونکە دەنگی ئەو لە ناخی خەلك دایە بەکەس ناسرێتەوە، حەمە جەزا هەر ئەو گۆرانی بێژوو هونەرمەندە بێ باك و دەنگ زولالەیە کە لە نەورۆزی 1977 لە گۆرەپانی یاریگایی هەولێر بەامبەر هەزاران کەس دەی چریکاند:

" دەمگری ئەمما لەگرت و گرتخانە رق ئەستورترم
دەمکوژی ئەمما لەسەر داوا رەواکەم سورترم
لێم دەدا ئەمما بە گژ جەللادەکەم دادێمەوە
کوردم و نا تویمەوە، نا تویمەوە، نا تویمەوە "

سەبارەت بە گۆرانی (بەلیوم) دیارە هونەرمەند رۆلێکی بەرچاوی لە هونەری بەرەنگاری دیوە لە رۆژە سەختەکانی کوردستان و دەیان شاکاری لەم بوارە پێشکەش کردووین، ئەگەر لە رۆژە خۆشەکانی نیشتیمانیش بە بەستەیەکی شادی و خۆشی فرمێسکی چەند سالە مان بسری بۆ دەبی لە کەسایەتی ئەم هونەرمەندە گەورەیە کەم بێتەوە، جاری کەسایەتی بە خیانەت و جاشایەتی و نەفس نزمی و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
26-10-2007 21:18بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

گەندەلی و ناپاکی ......هتد کەم دەبێتەوە، کە حەمەجەزا نەفرەتی لەم ڕەفتارە دزێوانە کردوە لە ڕابردوو سەنگەری گەلەکەی نە گۆڕیوەتەوە بە تەخت و تاجی داگیر کەران، لە ئێستاش دا خۆی بە دورگرتوە لە هەموو وەزیفەیەکی ئیداری بۆ ئەوەی دڵی کەس لە حەمەجەزا نەرەنجی، کە ئەمە ڕەفتارو ڕەوشتی حەمەجەزا بێ بۆ دەبی گۆرانیەك کە بەدلی بەڕێزت و چەند کەسێك نەبێ لە کەسایەتی حەمەجەزا کەم بکاتەوە. لەلایەکی تر تا ئێستا نەم زانیوە هیچ هونەرمەندێکی مۆزیك ژەن و پسپۆڕی بواری هونەری گۆرانی ڕەخنەو تێبینی هەبی لەسەر ئەم گۆرانیە، هونەرمەند دەبێ پێشەنگی خەلك بی و نەك لە دواوەی خەلك، ئەگەر کەسانێکیش حەز بەم گۆرانیە نەکەن بە دەنگی حەمە جەزا، ئەوە لە خۆشەویستی و ڕێزیتیان بۆ حەمەجەزا نەك وەك بەڕێزت بیکەیتە بابەتی ماڵپەڕێك، بۆزانیاریت کە ئەلبومی (سکالا) ی حەمەجەزا لە سالی 2003 بلاو بۆ وە کە ئەم گۆرانیە گۆرانی یەکەمی ئەلبومەکەیە، لە وسالە دا هەفتە نامەی گولان لە لاپەڕەی هونەر راپرسی لەسەر پڕ فرۆشترین ئەلبوم دەکرد بە پشت بەستن بە تۆمارگاکانی هەولێر، ئەلبومی حەمەجەزا هەمیشە لە پلەی (2، 3) تێنە دەپەڕی، کە بەڵگەیەکی حاشاهەلنەگرە کە ئەم گۆرانیە ئارەزو مەندانی زۆر زیاتر بوون لەوانەی حەزی پێناکەن و ڕەخنەی لێدەگرن، سەبارەت بە 30 سال کە وەلامی حەمە جەزایە بۆ رەخنەگرانی ئەم گۆرانیە، هەرگیز بە سوك تەماشاکردنی خەڵك نیە بەڵکو وەلامێکە بۆ هەندی داب و نەریت کە ڕێگرە لە دەربرینی هەندی وشە و وەسفی لەش و لاری ئافرت و ژن، کەبە بڕوای حەمەجەزا ئەم داب و نەریتە دوای 30 سالی تر ئەو کاریگەریەی نامێنی، خالێکی تر کە کاك رزگار بەزۆرە ملی دەیەوی بە سەر حەمە جەزای بسە پێنی، خۆ لە خەلك جیاکردنەوە و گوی لە خەلك نەگرتنە، کە دیارە ئەم بوختانەش زۆر بی بنەما و غەدرێکی گەورەیە لە هونەرمەندی کردووە، ئەگەر نا حەمەجەزا هەمیشە دەنگ و هەلوێستی خەلك بووە لە هەموو سەردەمەکان دژی داگیر کەران بە دەنگ و تفەنگ جەنگاوە، دوای راپەرینیش زۆر بوێرانە ڕەخنەی لە دەسەلاتی کورد گرتوە کە بەرهەمی هەزاران شەهید و خەباتی خۆی و هاورێیەکانیەتی، بەلگەش بۆ ئەم قسەیە هەروەك و مژدەیەکیش بۆ ئارەزومەندانی دەنگی بەسۆزی حەمەجەزا لەم نزیکانە ئەلبومێکی تایبەت بە مەقام بڵاو دەکاتەوە کە چەند مەقامێکی رەسەنی کوردی بە چەند شیعرێکی نیشتیمانی و هەم ڕەخنە ئامێز لە خۆ گرتوە، ئەم بەرهەمەش لە سەر داوای خەلك بووە کە خەڵکانێکی زۆر داوای مەقامی تازەیان لە هونەرمەند کردووە، لە کۆتایی ئەم وەڵامە هیوادارم نوسەر هیچ مەرامێکی تری نەبوبی لەم نوسینە جگە لە خۆشەویستی بۆ حەمەجەزا چونکە حەمەجەزا هەلوێستی دوێنی و ئەمرۆ و سبەینیی هەر یەك هەلوێستە کە سەنگەری گەل و نیشتیمانەکەی لا پیرۆزە و دەبی گومانیشمان لەوە نەبی کە ئەمە هەڵوێست و ڕابردووی حەمەجەزا بی، ناحەزانێکیش هەن بە دیتنی ئەم هونەرمەندە شۆرشکێرانە پەست دەبن هەرچەندە بەڕێزیشت پێدەچی زۆر بیکار و دەست بە تاڵ بی و شەڕ بە هونەرمەند بفرۆشی بۆ ئەوەی ناوت بکەوێتە ناو ناوان.

باهۆز عبدالواحید
کۆیە 26 / 10 / 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.